ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێی بارودۆخی دارایی و ئابووری دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کرد

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەی ئەمڕۆیدا ڕاپۆرتێکی تاوتوێی بارودۆخی دارایی و ئابووری دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کرد .

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی و ئامادەبونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، بە توندترین شێوە، هەرشە تیرۆریستییەکانی سەر هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی کۆگە نەوتییەکانی هەرێم شەرمەزار کرد، کە زیانێکی زۆری ماددیان بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت گەیاندوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئامانجی ئێو هەرشانە، لەدانە لە ژێرخانی ئابوریی و وزەی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران داوا لە حکومەتی فیدراڵ دەکات کە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت بە ئێوەی سنورێک بە ئێو هەرشانە دابنرێت و ڕێکاری یاساییش بەرامبەر ئێو تێکدەرانە بگیرێتە بەر.

لەلە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، ئەنجومەنی وەزیران، گفتوگۆی لەبارەی تەوەر و بابەتی

کەبونەوەکە کرد، کە تایبەت بو بە تاوتوێکردنی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و ڕەوی دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ سەبارەت بە موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەو ئاگەیەندراوەکەدا هاتوە، سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران، وردەکاری ئەو لێیکترتگەیشتنە هاوبەشی کە دوێنێ لە بەغدا تایبەت بە دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و پابەندییەکانی هەرێم هاتوتە ئاراوە خستەو.

ئەوەش خراوەتەو، دوای گفتوگۆ و ئاگەیێنەوە، ئەنجومەنی وەزیران پێشوازیی لەو لێیکترتگەیشتنە کرد و بەیاریدا بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو لێیکترتگەیشتنە، کە بەیار لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ ، موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بنێرت.